## ڕێجیس دۆبرێ:

# عەقڵانیەتێکی ڕووکەشمان ناوێت ئاین دووربخاتەوەو فەندەمنیتالیزمێکی توندڕەویشمان ناوێت ئەوانی دی بە کافر دابنێت.



**هاشم ساڵح**

**و: هەورامان وریا قانع**

"ڕێجیس دۆبرێ" چی لێ بەسەرهاتووە؟ ئایا لە دژێکەوە هەڵگەڕاوەتەوە بۆ دژێکی دیکە، وەك ئەوەی هەندێ لە ڕۆشنبیرانی عەرەب کردیان، کاتێ لە مارکسییەتەوە گواستیانەوە بۆ ئوسوڵییەت، پێش ئەوەی هەندێکیان بۆ دواجار تۆبە بکەن. گەر وابڵێین ئەوا زیادەڕەویمان کردووە. بەڵام ئەو کتێبەی "دۆبرێ"کە بەم دوایانە لە پاریس بڵاوکرایەوە، شۆکێك بوو بۆ زۆرکەس، لانیکەم ناونیشانی کتێبەکە: (ئەو ڕۆشنگەرییەی چاو کوێردەکات). ئێمە لەوبڕوایەدا بووین فەندەمنیتالیزمی تاریکبین لەسەر شێوەی "بن لادن"و "زەرقاوی" تەنها ئەوانن کە بینینەکان کوێردەکەن، کەچی دواجار بۆمان ئاشکرادەبێ مەسەلەکە خەتای "ڤۆڵتێر"و سەردەمی ڕۆشنگەرییە. وەلێ نابێ لەو بڕوایەدابین "ڕێجیس دۆبرێ" هەڵوێستی خۆی گۆڕیوەو بووەتە کەسێکی فەندەمنیتالیستی مەسیحیی دەمارگیرو بە تەواوی لە فەلسەفەی ڕۆشنگەری هەڵگەڕاوەتەوە.

"ڕێجیس دۆبرێ" دوای دەرچوونی کتێبەکەی (ئەو ڕۆشنگەرییەی چاو کوێردەکات) کە شوێنی قسەلەسەرکردن‌و وتووێژکردنە، بۆ سوککردنی قورسایی کاریگەریی کتێبەکەی لەسەر خوێنەران، ڕایگەیاند ئەو هێشتا کوڕی ڕۆشنگەری‌و سەردەمی ڕۆشنگەرییە کە ناکرێ لێی بێبەشبین، چونکە ئەم هەموو شارستانیەتەی کە لە هەموو لایەکەوە دەورەی داوین، بەرهەمهێناوە، شارستانیەتی مۆدرێن. لێرەوە نابێت زیاد لە پێویست "ڕێجیس دۆبرێ" تاوانبار بکەین یاخود لە تۆمەتبارکردنی پەلەبکەین، وەك ئەوەی هەندێ لە ڕۆشنبیرە تووڕەکانی فەرەنسا کردیان.

کەواتە بە دروستی چی ڕوویداوە؟ بۆ ئەوەی لەوە تێبگەین، پێویستە مەسەلەکان لە سیاقی فەرەنسی نەك عەرەبی دابنێین، چونکە "ڕێجیس دۆبرێ" لە گیروگرفت‌و پێداویستی ڕۆشنبیرییەکەوە قسەدەکات، جیاوازە لە گیروگرفت‌و پێداویستییەکانی ئێمەی عەرەب. پێویستە خوێنەری عەرەب ئەوە بزانێ خوێندنی ئاین لە قوتابخانە عەلمانییەکانی فەرەنسادا، بەتەواوی قەدەغەیە، بگرە ئاین تاڕادەیەکی زۆر لە ژیانی گشتیی کۆمەڵگاو گۆڕەپانی ڕۆشنبیریدا ئامادەنییە. تەنانەت لەسەر ئاستی زانکۆکانیش چیتر زانستی تیۆلۆژیا ناخوێنن، وەك ئەوەی پێشتر دەخوێنرا. ئەمە لەکاتێکدایە لە زانکۆکانی ئەڵمانیادا کۆلێژی خوێندنی تیۆلۆژیا یاخود کۆلێژی زانستی ئاینی هێشتا هەر لەپاڵ کۆلیژەکانی فەلەسەفەدایە. لێرەوە پەرچەکرداری "ڕێجیس دۆبرێ" تەنها لەم سیاقەدا دەکرێ لێیتێبگەین. ڕۆشنگەری لە فەرەنسادا هەژموونێکی ستمگەرانەی هەیە، وەك چۆن لای ئێمە فەندەمنیتالیزمی توندڕەو هەژموونێکی ستەمگەرانەی هەیە. لێرەوە حاڵەتەکە تەواو پێچەوانەیە. هەموو هەژموونێك بە تێپەڕینی ڕۆژگار پەرچەکردار لە دژی بەرپادەبێت. وەك ئەو پەندەی کە دەڵێ جام کە پڕبوو لێیدەڕژێ. ئەمە یاسایەکی مێژووییە. لای ئێمە ڕۆشنگەران بوونێکی لاوازو ترسنۆکیان هەیە، زۆربەیان ناوێرن بیروڕاکانیان ئاشکرابکەن، بۆیە گەر "ڕێجیس دۆبرێ" لە ئەفغانستان یان لە جیهانی عەرەبی یاخود لە پاکستان بژیایە، ئەوا کتێبێکی بە ناونیشانی: (ئەو ڕۆشنگەرییەی چاو کوێردەکات) بڵاونەدەکردەوە، بەڵکو کتێبەکەی بەناونیشانی: (ئەو فەندەمنیتالیزمەی چاو کوێردەکات) بڵاودەکردەوە.

بەم شێوەیە دەبینین ئەوە سیاقی مێژوییە کە جۆری بیرکردنەوەو گرنگیپێدانەکانی ڕۆشنبیر فەرزدەکات. لێرەوە نابێ ڕۆشنبیرانی عەرەب کتێبەکەی "ڕێجیس دۆبرێ" بقۆزنەوە تاکو پەلاماری ڕۆشنگەریی پێبدەن، وەك ئەوەی هەندێکیان بە جۆرێك لە پەلەپەلکردن‌و بەدحاڵیبوونەوە کردیان. "ڕێجیس دۆبرێ" گەر بیزانیایە کتێبەکەی بەو ئاراستەیە دەقۆزرێتەوە، ئەوا نەیدەنووسی، گەورەترین بەڵگەش بۆ ئەوە، ئەو قسانەیەتی کە لە هەمان کتێبداو دوای سەردانەکەی بۆ میسر کردی، دواتر باسیان لێوەدەکەم. ئەوە خاڵی یەکەم بوو.. خاڵی دووەم ئەمەیە: ئەوەی دانەر قسەی پێدەڵێ خودی ڕۆشنگەری نییە، بەڵکو ئەو وێنە پیرۆزە ڕەهایەیە کە فەرەنسییەکان بەخشیویانەتە ڕۆشنگەری، ئەمەش وێنەیەکە بە تێپەڕینی کات‌و ڕۆژگارەکان دەبێتە وێنەیەکی ڕەق‌و چەقبەستوو، وەك ئەوەی لە هەموو کولتورێکی ڕۆشنبیریدا ڕوودەدات، دوای ئەوەی سەرکەوتن بەدەستدێنێ‌و زاڵدەبێ، وردە وردە بەرەو ڕقبوون‌و چەقبەستن دەڕوات.

ڕۆشنگەری‌و هەروەها عەلمانیەت، دوو سەدەیە لە فەرەنساو تەواوی ئەوروپا سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە، ڕۆشنبیری فەرەنسی دەتوانێ لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە، گفتوگۆ لەگەڵ گەورەترین پیاوی ئاینیدا بکات‌و بە ڕاشکاوی ناڕازیبوونی خۆی لە زۆربەی بیروباوەڕە ئاینیەکان دەربڕێ، بەبێ ئەوەی پیاوە ئاینیەکە لەبەرامبەر ئەو ڕۆشنبیرەدا ڕقوکینە پەیدابکات یاخود بە کافری دابنێ، بەبێ ئەوەی جەماوەر بوروژێنێ تاکو هەڕەشەی لێبکەن. ئەم شتانە لە ئەوروپادا کۆتاییان پێهاتووەو باویان نەماوە. جگە لەوە ژیان لە ڕۆژئاوا بووەتە ژیانێکی مادی بەکاربەر کە

لەسەر فەلسەفەی خۆشیو لەزەت ڕاوەستاوە، لەبەرامبەردا بەها میتافیزیکییەکانو بەهاکانی ڕۆحانییەت بوونیان نییە یاخود لە دیدی زۆربەی خەڵکییەوە مانایان نییە. بگرە تەنانەت تاڕادەیەکی زۆر شیعریش بوونی نییە، چونکە لەسەردەمی تەکنەلۆجیاو پیشەسازیو بەرژەوەندی ڕاستەوخۆی مادی هەستپێکراودا، شیعر هیچ دەرامەتێکی بەرهەمهێنانی نییە. لێرەوە فەلسەفەی ژیان بەتەواوی سەروژێر بووەتەوە، تەواو جیاوازە لەوەی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا هەبوو.

من وەك خۆم لەو بڕوایەدام "ڕێجیس دۆبرێ" جیاوازی لە نێوان ڕۆشنگەریی قووڵ لەسەر ڕێبازی "جان جاك ڕۆسۆ" یاخود "کانت" لەگەڵ ڕۆشنگەریی ڕووکەش لەسەر شێوازی "ڤۆڵتێر" یان ڕاستتر ڤۆڵتێرییە ئاسۆ تەسکەکان، دەکات. ئەو تەنها هێرشدەکاتە سەر ڕۆشنگەری دووەمیان. بیرۆکەی بنەڕەتیی "ڕێجیس دۆبرێ" ئەمەیە: ئەو میتۆدە هاوسەنگەمان نییە کە دەزانێ چۆن چۆنی دژەکان لەنێوان خۆیاندا ئاشتبکاتەوە. ئێمە عەقڵانییەتێکی وشکی ڕووکەشمان ناوێ بەبیانووی ئەوەی ئاین تاریکستانە، بە تەواوی دووریبخاتەوە. هەروەها فەندەمنیتالیزمێکی دەمارگیرمان ناوێ ئەوانی دیکە بە کافردابنێو بانگەشەی سەربڕینیان بکات. لێکۆڵینەوە دەربارەی ئاین یاخود گرنگیدان بە ئاین، مانای ئەوە نییە تۆ بویتەتە کەسێکی فەندەمنیتالیستی دەمارگیرو کەڵبەکانی خۆت دەرخستووە! عەلمانییەتی توندڕەو بۆچی ڕێگەمان پێنادات ئاین وەك دیاردەیەکی ڕۆشنبیریو مێژوویی گەورە، لە قوتابخانەکانماندا بخوێنین. لێرەدا "ڕێجیس دۆبرێ" ڕوونیدەکاتەوە ئەو دژی عەلمانییەتێکی کراوەی لێکبووردە نییە، بەڵکو دژی عەلمانەویەتی تەسکە کە لە ناوەندی ڕۆشنبیرانی فەرەنسا یاخود لەناو بەشی هەرە زۆریاندا باوە.

لێرەوە ئەو شتەی "ڕێجیس دۆبرێ" بەڕوویدا دەتەقێتەوە ئەمەی خوارەوەیە: جۆرێك لە جۆرەکانی عەلمانییەت یاخود ڕۆشنگەری ڕێگەمان پێنادات لێکۆڵینەوە دەربارەی ئەفسانەکان، ڕەمزەکان، خەیاڵی دەستەجەمعیو هەموو ئەو شتانەی دیکە بکەین کە لە ژیانماندا ناعەقڵانین. مرۆڤ پێویستی بە هەستوسۆزو شەتەحاتی هەڵچووی ناعەقڵانیش هەیە. مرۆڤ تەنها بە عەقڵ ناژی! "ڕێجیس دۆبرێ" لە چوارچێوەی ئەم مانایەدا بانگەشەی گرنگیدان بە ئاینو لێکۆڵینەوە دەربارەی ئاین دەکات، یاخود داوای گەڕانەوەی خوێندنی ئاین دەکات لە قوتابخانە فەرەنسییەکاندا، دوای ئەوەی نزیکەی سەد ساڵ یان زیاتر لەمەوبەرو لەسەروبەندی دروستبوونی سیستمی عەلمانی، خوێندنی ئاین لە قوتابخانەکاندا ڕاگیرا. لە فەرەنسا ساڵی 1905 مێژووی جیاکردنەوەی کڵێسایە لە دەوڵەت، بەڵام نابێ ئاین بەشێوەی بیروڕای تایفەگەری یاخود بەشێوەی ڕێوڕەسمو سروتی ئاینی بوترێتەوە، بەڵکو پێویستە وەك دیاردەیەکی ڕۆشنبیری بوترێتەوە کە بە درێژایی چەندین سەدەو پێش سەرکەوتنی مۆدێرنەو ڕۆشنگەری، کاریگەریی هەبووە لەسەر ژیانی کۆمەڵگا ئەوروپییەکان. لە ئێستادا خوێندکاری فەرەنسی چیتر لە شانۆگەرییەکانی "ڕاسین" یان "کۆرنی" یاخود لە دەقێکی "باسکاڵ"و ئەوانی دیکە تێناگات، چونکە تەواو بێئاگایە لەو مەرجەعیەتە ئاینیەی مەسیحی کە لە پشتی ئەو شانۆگەریو دەقانەوەیە. ئاشکرایە ڕۆشنبیری سەدەکانی پێشوو لە ئەدەبو فیکرو مێژوو، نوقمی مەسیحییەت بوونو شێوەی ئەویان وەرگرتبوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا عەلمانییە توندڕەوەکان لەوەی بەم دوایانە ڕوویدا، لە "ڕێجیس دۆبرێ" خۆشنەبوون. ئەوەی ڕویدا ئەوەیە دەوڵەتی فەرەنسی داوای لە "ڕێجیس دۆبرێ" کرد ڕاپۆرتێکی لەسەر توانای خوێندنی دیاردەی ئاینی لە قوتابخانە عەلمانییەکاندا پێشکەش بکات. زۆربەی هاوڕێ کۆنەکانی "ڕێجیس دۆبرێ" پشتیان تێکرد، بگرە هەندێکیان گەر لەناکاو لە ڕێگادا توشی بهاتایە یاخود لە یەکێك لە شوێنە گشتییەکاندا بیبینیایە، ئەوا نە تەوقەی لەگەڵ دەکردو نە سەلامی لێدەکرد. هەندێ لە هاوڕێکانی بە ڕاشکاوانە پێیان وت: "ڕێجیس دۆبرێ" تووشی بێهیوایت کردین. ئایا دەتەوێ بمانگەڕێنیتەوە بۆ دواوە؟ تۆ بڵێی ئەوەی پێشتر لە

فەرەنسا بەدەست جەنگە تایفەگەریو مەزهەبییەکانی مەسیحیەتەوە گیرۆدەی ببوین، بەس نییە؟ ئایا تۆ دەتەوێ منداڵەکانمان بگەڕێنەوە بۆ ئەم هەستوسۆزە تایفەگەریو مەزهەبیانە، تاکو لەسەر کورسییەکانی خوێندن ڕقیان لە یەکتر ببێتەوە؟ نەخێر، ئێمە چاوەڕوانی ئەوەمان لە ڕۆشنبیرێکی عەقڵانیی پێشکەوتووخوازی وەك تۆ نەدەکرد!

لە واقیعدا دەکرێ لە هەڵوێستی هەندێ لەوانە تێبگەینو هەڵوێستێکی ڕەواشە، چونکە گەڕانەوەی خوێندنی ئاین بۆ قوتابخانەکانی فەرەنسا، ڕەنگە دەمارگیرییە نووستووەکان خەبەربکاتەوەو ئەوە بخاتەوە بیر قوتابییەکان کە سەر بە ڕەچەڵەكو ئاینو مەزهەبی جیاواز جیاوازن. ئیدی ئەودەم ئەمە وادەکات قوتابییەکان بەشێوەی هەڕەشەئامێز لەیەکتر بڕوانن. ئالێرەوە کێشە تایفەگەریەکان دەستپێدەکات کە فەرەنسا پێشتر زۆر بەدەستییەوە ناڵاندوویەتیو تەنها دوای هەولٚو ماندووبوونێکی زۆرو دوای سەپاندنی سیستمی عەلمانییەت، توانی ئەو کێشانە ڕیشەکێش بکاتو لەناویان بەرێت. کەواتە بۆچی "ڕێجیس دۆبرێ" دەیەوێ بمانگەڕێنێتەوە بۆ دواوە؟ بەڵام "ڕێجیس دۆبرێ" وەڵام دەداتەوەو دەڵێ: ئەو نایەوێ وانەی پەروەردەی ئاین یاخود ڕێوڕەسمو سرووتە ئاینییەکان بخوێندرێت، بەڵکو دەیەوێ دیاردەی ئاینی بەو سیفەتەی یەکێکە لەو دیاردانەی کاریگەریی لەسەر مێژووی مرۆڤایەتی هەبووە، بخوێنرێت. ئیتر بۆچی خوێندنی چەمکی دیاردەی ئاینی مانای ئەوەیە ئێمە بوینەتە ئاینداریکی فەندەمنیتالیست؟.

دواتر "ڕێجیس دۆبرێ" گرفتی گەورەی ڕۆشنگەری بەم شێوەیەی خوارەوە دەخاتەڕوو: ئێمە هەرگیز دوژمنی ڕۆشنگەری نین، بەڵام ئێمە بەبێ مەرج لایەنگری ناکەین، بەتایبەتی کاتێ ڕۆشنگەرییەکی ڕووکەش بێت. گەورەترین بەڵگە بۆ ئەوە، ئەوەیە "ڕێجیس دۆبرێ" هەڵوێستی هەندێ لە ڕۆشنبیرانی جولەکەی ڕەتکردەوە، کاتێ ئەو ڕۆشنبیرانە بەهۆی ڕوودانی هۆلۆکۆستی جولەکەکانەوە لە میانەی جەنگی دووەمی جیهاندا، ڕقێکی زۆریان لە ڕۆشنگەری بووەوەو دەیانوت: دوای ڕوودانی هۆلۆکۆست چۆن دەکرێ بیربکەینەوە؟ دوای هۆلۆکۆست چۆن باوەڕ بە ڕۆشنگەری بکەین؟ نەفرەتی خودا لە ڕۆشنگەریو ڕۆشنگەران! ئایا ئەوە ڕۆشنگەری نەبوو ئێمەی بەوە گەیاند؟ ئەی ئەوە شارستانیەتی عەلمانی بێباوەڕ یان شارستانیەتی نەتەوایەتی توندڕەو نەبوو، بووە هۆی لەدایکبوونی دژایەتیکردنی سامییەت لە شێوە مۆدێرنەکەیدا؟

هەر ئەوەش بوو بەشێوەیەك لە شێوەکان قوتابخانەی فرانکفۆرتی فەلسەڤ "هۆرکهایمەر"و "ئەدرنۆ" تێوەیگلان، کاتێ فەلسەفەی ڕۆشنگەرییان تۆمەتبارکرد بەوەی لەدووتوێی خۆیدا هەڵگری تۆوی ستەمکاری تۆتالیتاریەتە. ئەمە وەك ئەوە وایە "کانت" یان "هیگڵ" بەرپرسبن لە "هێتلەر"! "ڕێجس دۆبرێ" وەڵامی ئەوانە دەداتەوەو دەڵێ: ئەوە قسەیەکی سەخیفو بێمانایەو تەنها قوتابیانی قوتابخانە سەرەتاییەکان شتی وادەڵێن! ئەمەش ڕەخنەیەکی توندە لە "هۆرکهایمەر"و "ئەدرنۆ". ئەو هاوکێشەیەی دەڵێ ڕۆشنگەری یەکسانە بە پێشکەوتنی زانستی تەکنەلۆجی، پێشکەوتنی زانستی تەکنەلۆجیش هەرچۆنێك بێت دەبێتە هۆی پێکهێنانی ژووری غازی هێتلەری، ئەوە هاوکێشەیەکی پوچەو هەر کەسێ تۆزقاڵێك عەقڵی هەبێت باوەڕی پێناکات. هەموو ئەو قسانە بێماناو هیچو پوچە. پاشان "ڕێجیس دۆبرێ" بەردەوام دەبێتو دەڵێ: ئایا بڕوابوون بەخواو ئاینداریيە گەورەکەی گەلی فەرەنسی لە سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاست یاخود لە سەدەی شازدەهەمدا، ڕێگەی لەوەگرت قەسابخانەکەی (سانت بارتیلمی) تایفەگەریو مەزهەبی ڕوونەدات؟ ئایا ئەو ئیماندارییە گەورەیەی گەلی فەرەنسی، ڕێگەی لەوەگرت فەرەنسا نەچێتە شەڕێکی ناوخۆیی وێرانکەرەوە کە تەنها دوای چەندین ساڵی دوورودرێژ لێی هاتەدەرەوە؟ لێرەوە جۆرێك لە ئاینداری توندڕەو هەیە زۆر لە بێ ئاینی مەترسیدارترە. ئیمانێك هەیە دەکوژرێو ئیمانێکیش هەیە دەژیو دەبوژێتەوە.. خۆشبەختانە دوای ڕۆشنگەری، فەرەنسا یان تەواوی ئەورووپا لە ئیمانی یەکەم هاتنەدەرەوە، چونکە ئیمانێکی بەرتەسك، دەمارگیر، مەزهەبی بوو. ئێمە خەفەتی بۆ ناخۆین.

مۆدێرنەی ڕۆشنگەری بووە هۆی یەکخستنی گەلی فەرەنسیو لەناوبردنی تیرەو تایفە دەمارگیرو مەزهەبییەکان کە بە درێژایی چەندین سەدە فەرەنسایان لێکهەڵوەشاندبووەوە، ئەمەش لە گەورەترین دەسکەوتەکانی مۆدێرنەیە. جگە لەوانە مۆدێرنە لەڕێگەی پێشکەوتنی پزیشکییەوە، نەخۆشییەکانی وەك مەلاریاو تاعونو نەخۆشییە گواستراوەکانی دیکەی قەلاچۆکرد. ئاشکرایە ئەم نەخۆشیانە بە هەزاران، بگرە بە ملیۆنان منداڵو خەڵکییان لەناوبرد. ئەم نەخۆشیانە تاکو ئیستاش لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا ژمارەیەکی زۆری خەڵکی لەناودەبات. هەروەها مۆدێرنەی زانستو پزیشکی تێکڕای تەمەنی مرۆڤی تاڕادەیەك بۆ دووهێندە زیادکردووە.. باشە ئاخۆ خەفەت بۆ ئەمانە بخۆین؟ پەشیمان ببینەوە لە هەمو ئەو پێشکەوتنانەی بە فەزڵی شارستانیەتی ڕۆشنگەریو زانست ڕوویانداوە؟ نەخێرو هەزارجار نەخێر. ئابەم شێوەیە دەبینین "ڕێجیس دۆبرێ" ناچێتە پاڵ زورناژەنەکانی دوژمنی ڕۆشنگەری، گەرچی هەندێجار لێدانی ئازاربەخشو گورچکبڕ دەگرێتە هەندێ لە فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری، بەتایبەتی "ڤۆلتێر". بەڵام هێرشکردنی بۆ سەر بیرمەندی نایابو خاوەنی مەیلێکی قووڵی مرۆڤدۆستانە "تۆدۆرۆف" نە لێیتێدەگەیتو نە بەهیچ جۆرێکیش قبوڵدەکرێ.

بەڵام با ئێمە لە خستنەڕووی بیروڕاو مەهانەکانی بەردەوامبین، تاکو وێنەکەمان باشتر بۆ ڕوونببێتەوە، چونکە بیروڕاکانی ئەم پیاوە نەرمەو زیاد لەوەی وێنایدەکەی ئاڵۆزە. "ڕێجیس دۆبرێ" دەڵێ: گرنگی سەدەی هەژدەهەم، واتە سەدەی ڕۆشنگەری، لەوەدایە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی لە کۆتو بەندەکانمان ڕزگارمانبێت: واتە کۆتوبەندی فەندەمنیتالیزمی ئاینی، دەرەبەگی ئەرستۆکرات، ستەمی سیاسی. هەموو ئەوانەش شتگەلێکن پەیوەستن بەیەکترەوە، بەڵام ناکرێ ئەو کارەساتو نەهامەتیانەی دیکەش لەیاد بکەین، وەك هۆلۆکۆستی جولەکەکان، هیرۆشیما، ناکازاکی، جەنگە جیهانییەکان، جەنگەکانی کۆلۆنیالیزم، قەسابخانەکانی کۆمۆنیستو ستالینییەت...هتد. لێرەوە گەرچی ئەورووپا ڕۆشنگەری بینیوەو بەناویدا تێپەڕیوەو بووەتە شارستانی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەموو ئەو شتە ترسناکانەش ڕوویانداوە، ئاخۆ بۆچی ڕۆشنگەری ئەورووپای ڕۆشنکراوی نەپاراست لەوەی جارێکی دیکە نەکەوێتەوە باوەشی بەربەریەتی درندانە؟ ئالێرەدا گرفتە گەورەو سەرسامەکە دەردەکەوێت. بەڵام ئایا ناکرێ وەڵامی ئەم نارەزاییە بەوە بدەینەوە کە بەرپرسی ئەو کارەساتانە خودی ڕۆشنگەری نییە، بەڵکو ئەو لادانو دوورکەوتنەوانەیە کە لە پرنسیپەکانو بەها بەرزەکانی ڕۆشنگەری لایانداوە؟ هێندەی من بزانم، فاشیزمو نازیزم لە لایەنگرانی فەلسەفەی ڕۆشنگەریو مەیلی مرۆڤدۆستانە نەبوون کە فەیلەسوفە گەورەکان لە "دیکارت"ەوە بۆ "هیگڵ" بە تێپەڕبوون بە "جان جاك ڕۆسۆ"و"فیختە"و "شینلینگ"و "کانت" گەڵاڵەیان کردبوو. لێرەوە بۆچی ڕۆشنگەری تۆمەتبار بکەینو لەبەرژەوەندی کێ ئەوە بکەین؟ ئالێرەدا هەستدەکەم مەهانەو پاساوەکانی "ڕێجیس دۆبرێ" زۆر لاوازە، بگرە سەهوکردنەو تێیدا بێ هیچ گومانێك لە هەڵوێستەکانی پێشتری هەڵگەڕاوەتەوە.

دواتر "ڕێجیس دۆبرێ" دوای دابڕانێکی دوورو درێژ بەسەرهاتی سەردانەکەی بۆ میسر دەگێڕێتەوەو دەڵێ: دوای قەیرانی وێنە کاریکاتێرییەکانو خۆپیشاندانە توندەکانی کەراتشیو دیمشق..هتد، "ئالان منار" سەرۆکی سەندیکای پەیامنێرانی بێسنور، لەگەڵ خۆی بردمی بۆ پایتەختی میسر، تاکو لەگەڵ ڕۆژنامەنووسانو ڕۆشنبیرانی میسری کۆببمەوەو قسە لەو قەیرانە بکەین. زۆر حەپەسام بەو گۆڕانەی کە بەسەر دیمەنی ڕۆشنبیری میسریدا هاتووە. پێش بیستساڵ کاتێ بۆ دواهەمینجار سەردانی میسرم کرد، ئەوەندە ئافرەتی لەچکبەسەر لە شەقامەکاندا نەبوون، بەڵام ئێستا لەچك هەمو شوێنێکی داپۆشیوە. تۆ بڵێی سەردەمی "هودا شەعراوی" کۆتایی پێهاتبێ؟ ئەو کات ڕۆشنبیرانی میسر قسەکانیان بە هەندێ لە دەستەواژەکانی "مارکس" یان "گارودی" یاخود "سارتەر" یان "جەمال عەبدولناسر"

دەستپێدەکرد، ئەی ئاخۆ ئێستا چیان لێقەوماوە؟ ئایا سەردەمی "لوتفی خولی"و "محەمەد سەید ئەحمەد" تەواوبووە؟ ئەوانە بۆ کوێ ڕۆشتن‌و دیارنەماون؟

دواتر دانەر دان بەوەدا دەنێ دواهەمین سەردانی بۆ میسر دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1976، واتە پێش سی ساڵ لەمەوبەر. لەماوەی ئەم سی ساڵەدا، شەپۆلی فەندەمینتالیزم وڵاتی نیلی گرتەوە، وەك چۆن وڵاتانی عەرەبی‌و ئیسلامیشی گرتەوە. پاشان دوای ئەوەی "ڕێجیس دۆبرێ" لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی میسر، لەگەڵ ڕۆشنبیرانی میسردا کۆدەبێتەوە، بەبێ بەرنامەو بەشێوەیەکی عەفەویانە دەستدەکات بە گەڕان بە شەقامەکانی قاهیرەدا. لەناکاو چاوی بە هەندێ کتێب دەکەوێ کە ڕۆشنبیرانی رۆژئاوا تەواو بێزاردەکات، تەنانەت ئەو ڕۆشنبیرانەش کە ڕۆشنبیرێکی شۆڕشگێڕی مارکسی بن‌و پاڵپشتی عەرەب بن، وەك "ڕێجیس دۆبرێ"خۆی. لەپڕێکداو لە ناو کتێبخانەیەکدا چاوی بە کتێبی (کفاحی) هێتلەر دەکەوێ، دواتر چاوی بە کتێبی بەناوبانگ (بروتوکولات حکماء صهیون) دەکەوێ. ئەودەم ئاوڕێك لە هاوەڵە وەرگێڕە میسریەکەی دەداتەوەو پێی دەڵێ: ئەمە چییە؟ ئایا دەچێتە عەقڵەوە گرنگی‌و بایەخ بەو ئەدەبیاتە کۆن‌و ڕزیوە بدەن؟ وەرگێڕەکەی هاوەڵی زمانی تێکدەگیرێ‌و هەوڵدەدا بەهەر شێوەیەك بووە مەسەلەکە بێبایەخ بکات، وەلێ سەرکەوتوو نابێت. ئالێرەدا ئەو بۆشاییە گەورەیەی نێوان ڕۆشنبیرانی ڕۆژئاواو ڕۆشنبیرانی میسری‌و بەشێوەیەکی گشتی عەرەبی، دەردەکەوێ.

دواجار دەتوانین لەسەر ئەم کتێبەی "ڕێجیس دۆبرێ" بڵێین چی؟ ئایا هەڵوێستەکانی ناکۆك بەیەك‌و سەرسوڕهێن نین؟ ئەو کاتێ دەڕوا بۆ قاهیرە، دەبێتە یەکێك لەوانەی سەرسەختانە بەرگری لە ڕۆشنگەری دەکات، کاتێکیش دەگەڕێتەوە بۆ پاریس، هێرش دەکاتە سەر ڕۆشنگەری. لە ڕاستیدا وەك پێشتر وتم هیچ ناکۆکییەك نییە. چونکە ئەوەی لە گۆڕەپانی میسریدا ناتەواوە، هەمان ئەو ناتەواوییە نییە کە لە گۆڕەپانی فەرەنسیدا هەیە. یەکەمیان پێویستی بە هەرچی ڕۆشنگەری زیاتر هەیە، دووەمیان پێویستی بە کەمکردنەوەی ستەمی ڕۆشنگەریی هەیە کە هەموو شتێکی لەڕێگای خۆیدا ڕامالیوە، بگرە تەنانەت خودی چەمکی (ئاین)یشی لە ڕەگوورپیشەوە هەڵکێشاوە! لێرەوە بۆ ئەوەی لە مەسەلەکان بەباشی‌و بە ڕوونی تێبگەین، پێویستە ئەو مەسەلانە لە چوارچێوە سرووشتیەکەی خۆیاندا دابنێین. ئێمە وەك زەمەن هاوسەردەمین لەگەڵ ڕۆشنبیرانی ڕۆژئاوادا، بەڵام لەلایەنی مەعریفییەوە وانییە. پێویست‌و خەمی ڕۆشنبیریی ئێمە، هەمان پێویستی‌و خەمی ڕۆشنبیریی ئەوان نییە. بگرە لە پەیوەندیدا بە مەسەلەی ئاینەوە تەواو پێچەوانەیە. ئەوان ئەوەندە ڕۆچوونەتە ناو بێ باوەڕی مادییەوە، بەڕادەیەك بیرۆکەی بڵندگەرایی ڕۆحانی‌و ئاخیرەتیان لە بنچینەوە لەناوبردووە، مرۆڤیان گۆڕیوە بۆ تەنها بوونەوەرێکی بەکاربەرو فیزیۆلۆجی ڕووت. ئێمەش نوقمی فەندەمنیتالیزمی ئاینی بووین‌و بیرۆکەی (ئازادی)یمان کە لەم ئایەتەی قورئاندا بەرجەستە کراوە (لا اکراه فی الدین) لەناوبردووە.

**سەرچاوە:**

ڕۆژنامەی الشرق الاوسط 2007/5/9